# جوابێك بۆ هۆشیارترین ژنی كورد!!!

بێگومان دەبێ بوترێ خانمی رۆئیا تلوعی هۆشیارترین ژنی كوردە! و ئەگر رۆژێك كوردستانێكی سەربەخۆمان بێت، بە هۆی ئەو كەشفە مێژوییانەی، دەبێت پۆستی وەزارەتی ئیتلاعتی پێبدرێ.

ئەم بەرێزە لەماڵپەری كلاوژنە وتارێكی لە ژێر سەردێری "وەلامێك بۆ سیاسەتە نهێنیەكانی بەرێوبەرانی رۆژنامەی ئاشتی" بلاوكردۆتەوە كە ئەگەر لە رەهەندی دەروناسانەوە سەرنجی بدرێتێ، بە جوانی كەسایتی ئەومان بۆ دەردەخا و ئیتر پێویست ناكات كە ژیاننامە پڕ لە ... كەی بخوێنینەوە.

ئەم كەسایەتیە بەرز و بلیندە! بە هۆی تایبەتمەندی هەمەگیر و بەناوبانگی!( هەر بەم هۆیەش قەرار بوو بەناوی نوێنەری ژنانی رۆژهەلاتی كوردستان بچێت بۆ دەرەوەی ولات، بەلام نەیانفەرموو كە لەلایان چ كەسێكەوە ئەم نوێنەرایەتیەی پێدراوە)، ئەفەرمێ كە تەواوی نوسەرانی ژنی رۆژهەلاتی كوردستان دەناسێت! و هەقەی بوون بۆ كەسێكیتر، لەدەرەوەی بازنەی زەینی خۆی قایل نابێت.

ئەوان دیسان بە نوێنەرایەتی گەلی هۆشیاری كورد! كە هیچكات ناخەلەتێت، ئەو جوابەیان نووسیوە و نەیان فەرمووە كە چۆن ئەو شەرعیەتەی پێ بەخشراوە.

كەسایەتی پڕ لە خۆخوازی و خۆپەسەندی ئەم بەرێزە كە لە دانەدانەی نووسراوەكانی شەپۆل دەدات و پەنگ ئەخواتەوە، دەری

www.kurdistannet.org

دەخات کە ئەو لە نووسین وەکو ئامرازێکی تێراو کردنی هەستی خۆخوازی(egotism ) کەلك وەردەگرێت، نەك شتێکی‌تر.

هەڵبەت باس‌کردن لە تەوای ئەو کەمو کوڕیانە لەم نووسراوەدا ناگوونجێت‌و ئەدرێتە دەست پسپوڕانی بوواری خۆی.بەڵام ئەو چەن دێڕەی سەرەوە گوشەیەك لە کەسایەتی بەرزی ئەومان بۆ روون دەکاتەوە.

وێبلاگی سەربەخۆی زانکۆی کوردستان
http://www.zankoykurdistan.blogspot.com

www.kurdistannet.org